# دەبێت (مەلا کرێکار)لە دادگایەکی نێونەتەوەیی ئاشکرادا سزای خۆی وەر بگرێت!

ئالا فەرەج
alafaraj@hotmail.com

رۆژی ١٣ی سێپتمبەر مەلاکرێکار، بەرپرسیاری باندە تیرۆریستی‌یەکەی (ئەنساری ئیسلام)، لە لایەن حکومەتی هۆلاندەوە لە ترانزێتی ئەمستەردام دەستگیر ئەکرێت.، ئەمە لەکاتێکدا بووە کە مەلاکرێکار وویستوویەتی لە ئێرانەوە بچێتەوە بۆ نەرویج.

ئەوە لای خەڵکی کوردستان ئاشکرایە کە مەلا کرێکار هەمیشە کەسێکی دژە ئینسانی و تیرۆریست بوە، دژ بە هەردیاردەیەکی پیشکەونوخوازو مودیرن و مەدەنیەت بوە، دژ بە هەرئارەزوویەکی ئینسانی بوە، بەلام دژایەتی ئەم تیروریستە هەر بە فتواکانی نەبوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەستی هەیە، لەکوشتنی ژنان و ئینسانە ئازادیخوازەکان...ڕاستەوخۆ دەستی هەیە لە تەقاندنەوەی بنکەی ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان لەبەهاری ١٩٩٨دا لەشاری سلێمانی، دژی میکیاج و قژ چاك کردنی ژنان بوو، بۆیە ئارایشگاگانیان دەتەقاندەوە، دژی ئازادی جل و بەرگ ئەسیدیان دەکرد بە قاچی ژناندا، تەنانەت کارە تیروریستی‌یەکانی گەیشتە ئەوەی کە دوکانەکانی فروشتنی جل وبەرگی ژنانە کە لەرۆژئاواوە دەهێنرێن، دەتەقاندەوە، لەترسی ئەوەی نەوەك جل وبەرگی روژئاوائی ژنان بلاوبیبێتەوە...وە لە بەرامبەر دەنگی نارەزای ژناندا و بەدیاریکراوی لە بەرامبەر بزووتنەوەی یەکسانی‌خوازی ژناندا فتوای کوشتنی رابەرانی (رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان)یان ئەدا!.ویستی ئەو وئامانجی ئەو تەنها ئەوەبوە کە کۆمەلگای کوردستان بگەرێتەوە بو چافەکانی جاهیلیەت و نەزانی‌و تاریکی، ڕێگایەکی گەورەشی بۆ ئەم کارەی کوشتنی ژنان و دژە ژن بون بوو.

هەر بۆیە ژنانی کۆمەڵگای کوردستان وەك بەشیکی گەورەی ئەم کۆمەڵگایە خوازیاری دەست کۆتا کردنی یەکجاری ئیسلامی سیاسین و ئێستا کە ئەم تیروریستە کەوتۆتە بەردەست پێویستە خەڵکی کوردستان لە ناوەوەو لە دەرەوە بەتایبەت ژنانی کوردزمان بە ڕۆڵی خۆیان هەستن و ڕێگا نەدەن لەریگای هیچ بەست و بەندێکەوە ئەم تیروریستە رزگاری ببێت یان بەبێ ئاگاداری خەلکی کوردستان دادگایەکەی تاوتوێ بکرێت، بو بردنە پیشەوەی ئەم کارە پێویستە هەمو ئیسنانەئازادیخوازەکانی کوردستان لە دەرەوەو لەناوەوە دەعوای خۆیان لەسەر تیروریست بونی وئەنجامدانی کاری تیروریستانەی " مەلا گریگار" بگەیەننە وەزارەتی دادی هولەنداو نەرویج، وە بەشداری بکەن لە نارەزایەتی خۆپیشاندانەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق کە لەمبارەوە سازی دەدات.بویەدەبێت مەلا کرێکار لە دادگایەکی نێونەتەوەیی ئاشکردا سزای تاوانەکانی خۆی وەربگرێت، ئێمە وەك هەڵسوراوانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان مودەعی هەموو ئەو کارە تیرۆریستانەی کە بەسەرپەرشتی مەلا کریکار لە کوردستاندا دژ بە ژنان ئەنجام دراوە، دادگایی کردنی مەلا کرێکار لە دادگایەکی ئاشکرادا رێگە خۆشکەرە بۆ خستنە رووی تەواوی ئەو کارە تیرۆریستیانەی ئەم گروپە ئینسان کوژانە ئەنجامیان داوەو وە هەم کۆمەڵکای کوردستان لە دەست تیروریستێکی ناسراوی ئیسلامی سیاسی رزگاری ئەبێت و لە هەمانکاتیشدا دەبێتە عیبرەتێك بۆ هەموو تیروریستەکانی هاوشانی.

٢٠٠٢/٩/١٦

www.kurdistannet.org